گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جوانیەکانی ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا

**د. ژیلوان طاهر بایپر**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Zhilwan.tahir.66@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠١٩/١٢/٣
پەسەندکردن:٢٠٢٠/١/٨
بڵاو کردنەوە:زستانی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
Aesthetic, Color, Light, Scenography, Effect, Theatrical Performance.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.1.9

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (جوانیەکانی ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی)دا توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفی یە، پەیوەندی نێوان ڕوناکی و ڕەنگ بەدەردەخات لە بواری فیکری و هێما و ئاماژەکان لە نمایشی شانۆیی، ڕوناکی و ڕەنگ دوو ڕەگەزی سەرەکی و کاریگەرن لە ژیان و هونەری بینراوی وەکو شانۆ، بونیادێکی سەرەکین لە هونەردا کە ئەرکی ئیستاتیکی و ئاماژەکان لەخۆدەگرن، لە چوارچێوەی سینۆگرافیای نمایشی شانۆیی، لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری و سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتیە لە (چوارچێوەی پرۆگرام) کە چەند خاڵێک لەخۆدەگرێت وەکو: گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە و سنورەکەی. بەڵام بەشی دووەم (چوارچێوەی تیۆری) چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت وەکو: ڕوناکی و ڕەنگ لە ژیانی کۆمەڵگادا، کاریگەری درامی لەڕوناکی و ڕەنگدا، شێوە و ڕەنگ ، کاریگەری ڕووناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا، کاریگەری ڕوناکی لەسەر ئەکتەر، کاریگەری ڕوناکی و ڕەنگ لەسەر دیکۆر، کاریگەری ڕوناکی و ڕەنگ لەسەر جلوبەرگ و ئێکسسوار، کاریگەری ڕوناکی و ڕەنگ لەسەر ئارایشت. بەڵام بەشی سێیەم بریتیە لە شیکردنەوەی سێ نموونەی

شانۆیی. لە بەشی چوارەم توێژینەوەکە دەگاتە چەند ئەنجامێک کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1- رەنگەکانی دیکۆر گوزارشت لە کات و شوێن و سەردەم و رووداوە درامیەکان دەکات.

2- رەنگەکانی روناکی و رەنگ رۆڵی گرنگ دەبینن لە دەرخستنی سیما و جەستەی ئەکتەر و بینراوەکانی فەزای شانۆ.

**ووشە سەرەکیەکان:** ئیستاتیکا، رەنگ، روناکی، سینۆگرافیا، کاریگەری، نمایشی شانۆیی.

## پێشەکی

لەمێژووی هونەردا هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆن تا دەگاتە ئەمرۆ هەردوو رەگەزی روناکی و رەنگ ئاوێتەی یەکتر بوونە، رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە دیارخستنی تابلۆ و کوتلە و کەرەستەکانی پێکهێنانی پرۆژەی هونەری بینراودا لەرووی شێوە و ناوەرۆکدا، هەروەکو هونەرمەندی شێوەکار (سیزان) دەڵێت: رەنگ کاریگەری تەواوی لەسەر شێوە هەیە، هێمایەکە بەشداری دەکات لە پێکهێنانی شێوە و ناوەرۆک و هەستکردن بە قەبارە و پانتایی لە فەزای بینراودا (رشید، 2013). لە هونەری شانۆدا رەنگ چەندین هێما و دەلالەتی درامی لەخۆی دەگرێت، ئامرازێکی کاریگەرە لە رێکخستن و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان رەگەزەکانی سینۆگرافیا کە بریتین لە (ئەکتەر، دیکۆر، جل و بەرگ، روناکی، ئارایشت، ئێکسسوار). رەنگ لە نمایشی شانۆیی دا رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە دیاریکردنی فەزا و پانتایی و کوتلە و کات و شوێنی رووداوە درامیەکان، لە خولقاندنی کەش و هەوایەکی سایکۆلۆژی و ستاتیکی. بەکارخستنی رەنگ لە نمایشی شانۆیی دا ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بەدەرخستنی ستایل و شێوازی شانۆییەکە وەکو (تراژیدی) یان (کۆمیدی) یان (شانۆی ئاهەنگ سازی) یان (شانۆی وێنەیی)، یان لە دیاریکردنی رێبازی شانۆییەکە وەکو (واقیعی) یان (رەمزی) یان (داستانی)...هتد. بەکارهێنانی رەنگ لە نمایشی شانۆیی دا هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دەستنیشانکردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سروشتی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، ئامرازێکە بۆ ئەوەی هاوکاری

ئەکتەر بکات. بچێتە ناو دەورەکەی، چونکە سەرجەم ئەو ڕەگەزانەی ئەکتەر بەکاریان دەهێنێ و مامەڵەیان لەگەڵ دەکات پێکهاتەی ڕەنگین وەکو جل و بەرگ و ڕوناکی و ئارایشت و ئێکسسوار، هەر بۆیە پێویستە ڕێکخستن و گونجانێکی تەواو هەبێت لەنێوان کەرەستەکانی ئەکتەر کە بەکاریان دەهێنێ لە چوارچێوەی سینۆگرافیا و فەزای نمایشدا. ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا بەشدارییەکی گرنگ دەکات لە پڕکردنەوەی پانتایی بۆش و دیاریکردنی ڕیتمی دیمەن و تابلۆ شانۆییەکان. ئەو هونەرمەندانەی کە بەشداری دەکەن لە ئەنجامدانی تەکنیکی هونەری شانۆیی پێویستە شارەزاییەکی تەواویان هەبێت لەسەر زانستی ڕەنگ وشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەنگە جۆراوجۆرەکاندا بە ڕەنگی گەرم و ساردەوە بەشێوەیەکی هارمۆنی یان پەیژەیی، تەوزیف کردنی ڕەنگی کوتلە و پارچە و کەرەستەکانی سەر تەختەی شانۆ لەسەر بنەمایەکی هونەری و دراماتیکی و فیکری و جوانکاری کە گوزارشت لە ستایل و سروشتی نمایشەکە بکات وە چێژێکی هونەری ببەخشێت بە بینەران.

## 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١-١گرفتی توێژینەوە:

ئاشکرایە لای هەمووان کە بەکارهێنانی ڕەنگ زۆر گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەتایبەتی لە نەخشەکێشانی ئەو کەرەستانەی کە بەردەوام بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەسەر ئاستی هونەرە جوانەکاندا گرنگیەکی بێ هاوتای هەیە، لە هونەری شانۆ سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا لەڕێگەی ڕەنگ و ڕووناکیەوە بەدەردەکەون و ماناکانی دەگەیەننە بەچاوی بینەران. ڕەنگ بنەمای هونەری شێوەکاریە، هونەری شێوەکاری ڕەگەزێکی گرنگە لە پێکهاتەی تەکنیکی هونەری کە پەیوەستە بە چەندین بنەمای سەرەکی کە بریتین لە: دژەکردار و هاوتەریبی و هارمۆنی و پانتایی و قەزا و دووربینی و دەرکەوتنی سێبەر و ڕووناکی لە وێنەدا (الإمام، 2014).

لە نمایشی شانۆییدا سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیای هونەری وەکو ڕوناکی و دیکۆر و جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسسوار و سایک و پەردەکانی پێشەوە و دواوەی شانۆ هەر هەموویان ڕەنگاوڕەنگن و بۆ مەبەستێکی تایبەت و هێما ئامێز بەکاردەهێنرێن، ئەم ڕەگەزانە بەشێکی گرنگن لە پێکهێنانی فەزای شانۆ و خولقاندنی کەش و هەوایەکی سایکۆدرامی و ستاتیکی کە

هەڵقولاوی دەق و بیر و بۆچوونەکانی دەرهێنەرن، هەر بۆیە لەســەر دەرهێنەر و تەکنیک کاران پێویستە بەشێوەیەکی زانستی و هونەری نەخشەی ڕەگەزە هونەریەکان دابڕێژن کە تەوازن و ڕێکخســتن هاوتەریبی و گونجاندن هەبێت لەنێوان ســەرجەم ڕەگەزەکانی کە بە هەموویان بتوانن دەلالاتی ڕەمزی و پڕمانا ببەخشنە فەزای نمایش کە هەڵگری فیکر و فەلسەفەی شێوە و ناوەڕۆکی نمایشە شانۆییەکە بێت، هەست و سۆز و فیکر و ئەندێشەی بینەر بۆ وێنە درامیەکان ڕاکێشــێت بە ئاراســتەیەک کە چێژێکی ســیحری و هونەری لێ وەربگرن، چونکە بینەریش ڕەگەزێکی گرنگی پێکهێنانی نمایشــی شانۆییە و بەپێی ڕادەی ڕۆشنبیری خۆی خوێندنەوە بۆ هێما و دەلالات و کوتلە ڕەنگیەکانی ناو دیمەنە شــانۆییەکان دەکات هەربۆیە توێژەر دەربارەی جوانیەکانی ڕەنگ لە نمایشی شانۆییدا ئەم پرسیارانە دەخاتەڕوو:

1. کار و کاردانەوەی پێکهاتە ڕەنگیەکانی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆیی دا چیە؟
2. کاریگەری ڕەنگ لە فەزای نمایشــی شــانۆییدا چیە لە پێناو خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی و سایکۆلۆژی و ستاتیکی؟
3. ئایا تا چەند پێویســتە دەرهێنەر و تەکنیک کارانی شــانۆیی زانیاریان لەســەر زانســتی ڕەنگ هەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارە هونەریەکانیان؟

### ١-2گرنگی توێژینەوە:

تیشک خستنەسەر گرنگی ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا زۆر بەدەگمەن باسی لێ کراوە بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوەی ئەدەبی و فەلســەفی، لە زانســتی نوێی شــانۆدا مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەنگ لەمیانی ســینۆگرافیای شــانۆدا گرنگیەکی بێ هاوتای هەیە، پێویســتە دەرهێنەر و هونەرکارانی تەکنیکی شانۆیی هاوشێوەی هونەرمەندانی شێوەکاری و نەخشەسازی و تەلارسازی شارەزایی و زانیـاریەکی تەواویـان هەبێت لەســەر زانســتی ڕەنگەکـان و شــێوازی بەکـارهێنـانیـان لە ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری وەکو (دیکۆر، روناکی، جل و بەرگ، ئارایشــت، ئێکســســوار) وە بتوانن لەســەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و زانســتی لە نمایشــی شــانۆییدا تەوزیفیان بکەن، چونکە هەڵگری چەنـدین پەیـام و هێمـا و دەلالاتن وە بەشــێکی گرنگن لە پێکهێنـانی کوتلە و پانتایی و فەزای درامی.

**١-3 ئامانجی توێژینەوە:**

تیشک خستنەسەر زانستی ڕەنگەکان و چۆنیەتی تەوزیف کردنیان لەمیانی سینۆگرافیادا چونکە ڕەنگ بەهایەکی گرنگی هەیە لە ڕێکخستنی ئامرازەکانی ژیانی مرۆڤدا. دەرکەوتنی ڕەنگەکان بەهۆی ڕوناکیەوە دەبێت هەربۆیە پەیوەندی نێوان ڕەنگ و روناکی وەکو پەیوەندی نێوان ڕۆح و جەستەیە یان شێوە و ناوەڕۆکە یان فیکر و فەلسەفە و ئیستاتیکایە. لە فەزای شانۆدا سەرجەم ڕەگەزە تەکنیکیە هونەریەکان هەڵگری هێما و دەلالاتی ڕەنگین کە بەشدارن لە بونیادی پێکهێنانی فەزای درامی لە نمایشی شانۆیی دا. ئامانجی شانۆ بریتیە لە گەیاندنی پەیامی فیکری و فەلسەفی و دارشتنی ڕووداوەکانی ژیانە لە قاڵبێکی هونەری هەربۆیە بەکارخستنی ڕەنگەکان ئامراز و هۆکارێکی گرنگن لە تابلۆ و دیمەنە شانۆییەکان لە پێکهێنانی بونیادی درامی بەرەو ئاراستەی لوتکە هەروەها بەشداریەکی تەواو دەکەن لە پێکهاتەکانی نمایشی شانۆیی و گەیاندنی وێنە بینراوەکان بۆ فیکر و خەیاڵ و ئەندێشەی بینەران.

**١-4 سنووری توێژینەوە:**

**بابەت: نمایشی شانۆیی**

**کات: 2018-2019**

**شوێن: هەرێمی کوردستان (هەولێر-سلێمانی)**

**2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:**

**١-2 ڕوناکی و ڕەنگ لە ژیانی کۆمەڵگادا:**

ڕوناکی و ڕەنگ گرنگیەکی بێ هاوتای هەیە لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگادا، ڕوناکی سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ ئەوەی بەهۆی ڕووناکیەوە بتوانین ڕەنگەکان ببینین، لە ڕوانگەی زانستی و فیزیکیەوە ناتوانین لێکیان جیا بکەینەوە چونکە هەردووکیان وەک دوو ڕەگەزی گرنگ ئاوێتەی یەکتر دەبن و یەکتر تەواو دەکەن.

مرۆڤ لەو کاتەی خۆی ناسیوە توانیویەتی ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەنگەکان پەیدا بکات، ڕەنگەکان بوونیان هەیە لەکاتی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون، ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکان و سەرتاپای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سروشت هەرهەموویان پێکهاتەی ڕەنگین. خۆر سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ بینینی ڕەنگەکان، کاتێک خۆر ئاوا دەبێت ڕەنگەکانیش تاریک دەبن و نابینرێن. (فیشر، 1973)

ڕەنگ ڕەگەزێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی کە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات بۆ ناسینەوە و بەهێماکردنی کەرەستەکانی دەوروبەری، بۆ گۆڕینەوەی بیروبۆچوونی ڕوحی و کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگا و دەربڕینی هەست و نەست و ناخی بەرامبەر بە خۆشەویستی بۆ ڕەنگەکان هەروەکو بەهێماکراوە کە ڕەنگی سوور بۆ خۆشەویستی بەکاردەهێنرێت. (الألفي، 1973)

لە کۆمەڵگای پێشکەوتووخوازدا ڕەنگ کاریگەریەکی گرنگی هەیە لە بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و بواری پەروەردە و تەندروستی و ڕۆشنبیری و سەرجەم کایەکانی تری ناو کۆمەڵگا. ئەگەر ڕەنگەکان پۆلین بکەین، دەردەکەوێت لە هەر ڕەنگێک تایبەتمەندی و نرخی خۆی هەیە و هەموو ڕەنگەکان جوان و بەهادارن، هەر بۆیە لە جل و بەرگ و ئۆتۆمبێل و مۆبیلیات و میوە و خواردەمەنی و سەرجەم کەرەستەکانی دەستکرد و سروشتی هەموو ڕەنگەکان دەبینرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەستکردن بە بەها و جوانی و ڕەنگەکانیش ڕێژەییە پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆژی و سروشتی کەسەکەوە هەیە، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و هەرهەمووشیان لە ڕێکخستندا ئاوێتەی یەکتر دەبن و پێکهاتەیەکی ڕەنگی پێک دەهێنن کە پێی دەگوترێت گونجاندنی ڕەنگی، لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ڕەنگە سەرەکیەکان ڕەنگی ناوەندی پەیدا دەبن وەکو تێکەڵکردنی ڕەنگی ڕەش لەگەڵ سپی ڕەنگی ڕەساسی لێ دروست دەبێت کە ڕەنگێکە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت لە کاڵاکاندا. (حیدر، 1984)

ئەگەر سەیری ئاڵای وڵاتان بکەین چەندین ڕەنگ و هێما و وێنەی جۆراوجۆرمان بەرچاو دەکەوێت کە پەیوەندی بە فیکر و فەلسەفە و مێژوو و جوگرافیا و کەلتوری میللەتەکەوە هەیە، کە توانراوە وەکو هێمایەکی پرشنگدار مامەڵە لەگەڵ ڕەنگ و سومبولەکاندا بکرێت و پێناسەی وڵاتەکەی پێ بکرێت و خۆی پێ جیابکاتەوە لەگەڵ وڵاتانی تر، هەربۆیە ڕەنگ هێمای گەلانە و زادەی بیر و فەلسەفە و تێڕوانینی میللەتە جۆراوجۆرەکانە. فەیلەسووفەکانی بواری زانستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوانناسی بە چەندین شێواز باسیان لە بەهای ڕەنگەکان کردوە و چەندین پێناسەیان بۆ داناوە کە لە شــێوە و ناوەڕۆکدا هەڵگری پەیامێکی ئاڕاســتەکراون، هونەرمەندانی شــێوەکاری و تەلارســازیش بەشــێوەیەکی پراکتیکی مامەڵەیان لەگەڵ ڕەنگەکاندا کردووە و چەندین توێژینەوەیان لەسەر ڕەنگ ئەنجامداوە و پێیان وایە ڕەنگ ڕەگەزێکی سەرەکیە لە نەخشەدانانی هەر کەرەســتەیەک چونکە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا کە چاوی دەکاتەوە ڕەنگەکان دەبینێ و کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەست و دەروون و فەزای بینین، جوانیەکی بێ هاوتا دەبەخشێت بە مرۆڤ کە لەهەموو ساتەکاندا بوونیان هەیە. (عبدالمعطي، 2016)

بەشــێوەیەکی گشــتی ڕوناکی و ڕەنگ پانتاییەکی فراوان لە ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا داگیردەکەن هەر بۆیە گرنگی دان بە ڕوناکی و ڕەنگ لە ماڵ و شــەقام و پارک و نەخۆشــخانە و قوتابخانە و فەرمانگەکان و ســەرجەم شــوێنە گشــتیەکان بەشــێکی گرنگە لە پێشــکەوتن و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی زانستی نوێخواز و ئەنتەرنێت و جیهانگەریە.

## 2-2 کاریگەری درامی لە ڕووناکی و ڕەنگدا:

لە نمایشــی شــانۆییدا ڕوناکی و ڕەنگ وەکو دوو ڕەگەزی ســەرەکی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە هاوکێشەی پێکهاتەی بونیادی درامی لە فەزای شانۆدا، چونکە لە دەسپێکی هەر شانۆییەکدا کە ڕوناکی فەزای شانۆ ڕۆشن دەکاتەوە بینەر چاوی بە ڕەنگەکانی سینۆگرافیای شانۆ دەکەوێت و هەســت بە بینراوە وێنەییەکان دەکات و بەشــێوەیەکی ســایکۆلۆژی هەســتەکانی دەجولێنێت، توێژینەوە دەروونیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چێژوەرگرتن لە کەرەستە بینراوەکان و ڕەنگەکان هەست و سۆز دەجولێنن و هەندێک جار بینەر تووشی هەڵچوون دەکەن و هەندێک جاریش دڵ و دەروونیان هێمن دەکاتەوە کە ئەمەش کردارێکی درامیە و کار و کاردانەوەی هەیە لە نمایشی درامی دا. (صالح، 1982)

ئەگەر لە ڕوانگەی شێوە و ناوەڕۆکدا سەیری پێکهاتەکانی سینۆگرافیای فەزای نمایشی شانۆیی بکەین دەبینین ڕونـاکی و ڕەنـگ کـاریگەریەکی تەواوی هەیە لەســەر دیـاری کردنی ریتمی دیمەنەکان و فیکر و فەلسەفەی نمایش و تەبایی و تەوازن لەنێوان بینراوەکانی سەر شانۆ وەکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەرەستەکانی دیکۆر و جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسسوار و سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی و هونەری لەسەر شانۆ و جوڵەی ئەکتەر و ئاوێتەبوونی سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا لەچوارچێوەی بونیادی درامی کە سەرئەنجام میزانسێنی سەر تەختەی شانۆ ڕادەگرن. (راضي، 2005)

روناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە دیارخستنی ڕووداو و ململانێ درامیەکان بە ئاراستەی لوتکە چونکە ڕەنگەکانی روناکی و دیکۆر و جل و بەرگ ئاماژەیەکی گرنگن بۆ بەهێماکردنی سایکۆلۆژیای بونیادی درامی لە دیمەنە شانۆییەکاندا، هەر بۆیە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان دەبێت لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری بێت و ڕەنگدانەوەی حاڵەتە درامیەکان بێت، ڕەنگە گەرمەکان بەهای کاریگەرە درامیەکان بەرزدەکەنەوە بەتایبەتی لەو دیمەنە شانۆییانەی کە ململانێی توندی تێدایە، بەڵام دیمەنە ڕۆمانسیەکان یان ئەو دیمەنانەی شێوازی فیکرین پێویستیان بە ڕەنگە ساردەکان هەیە تاکو لە هەردوو جۆردا بینەر چێژی لێ وەربگرێت و کاریگەری لەسەر هەست و نەستی دروست بکات. (هاملتون، بدون تأريخ)

لە نمایشی شانۆیی دا دانانی ڕەنگەکانی روناکی و دیکۆر و جلوبەرگ و ئارایشت و ئێکسسوار دەبێت بەشێوەیەک بێت گوزارشت لە ناوەڕۆکی بابەتی دەقە شانۆییەکە بکات و کردارە درامیەکان بەدەربخات و ئاشکرای بکات بۆ بینەر، گونجاندنی نێوان ڕەنگی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا مەرجێکی سەرەکیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنی سایکۆلۆژی وێنە و دیمەنە درامیەکان، هەمدیسان دابەشکردنی روناکی بەشێوەی بوقعە یان گشتی لە چوارچێوەی فەزای نمایشی شانۆییدا لەسەر بنەمای هونەری بێت و ببێتە مایەی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان و ململانێ درامیەکان، لە هەندێک نمایشی شانۆییدا روناکی و ڕەنگ دەبنە جێگرەوەی دیکۆر و لە پانتایی بۆشدا ئەو فەزایە دەردەخەن کە دیمەنە شانۆییەکە بەڕێوەدەبات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر وێنە شانۆییەکان لەسەر شێوەی تابلۆی جوولاو، بۆ دەرخستنی کەسایەتی ئەکتەر لەسەر شانۆدا تیشکی روناکی و ڕەنگ تەنها ئاراستەی جەستەی ئەکتەر دەکرێت لە دیکۆری سەر تەختەی شانۆ جیا دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بینەر فیکر و خەیاڵی تەنها لەسەر ئەکتەرەکە بێت، لەکاتی جوولەشدا چاودێری بکات ئەمەش لەو دیمەنانەدا بەکاردەهێنرێت کە ئەکتەر جووڵە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیالۆگی راستەوخۆ ئاراستەی بینەر دەکات و پەیامی خۆی دەگەیەنێت. جوڵەی روناکی و رەنگ لە نمایشی شانۆییدا پەیوەستە بە ستایلی دەرهێنان لە شانۆی نوێ دا هەموو گۆڕانکاریەکانی روناکی و رەنگ بەستراوەتەوە بە شێوەی دابەشکردنی روناکی و رەنگ و دابەشکردنی رەنگەکانی روناکی بە سارد و گەرم و رێژەی چڕی و خەستی ئەم تیشکەی ئاراستەی ئەکتەر و بینراوەکانی تری سەر شانۆ دەکرێت لەگەڵ دژە ڕەنگ و رێژەی تێربوونی ڕەنگەکان بۆ هاوتەریب بوونی تێڕوانینی سەنتەری بینین کە لە خاڵێک یان لە چەند خاڵێک کۆ دەبێتەوە، هەموو گۆڕانێکی جوڵەی ئەکتەر لەسەر شانۆ پێویستی بە گۆڕان و جوڵەی روناکی و رەنگ هەیە تاکو بەشدار بێت لە پێکهاتەی بونیادی شێوە و تابلۆ بەشێوەیەکی فیکری و ئیستاتیکی لە نمایشی شانۆییدا. (عطية، 2012)

**3-2 شێوە و ڕەنگ:**

هەموو کارێکی هونەری شێوەکاری لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە شێوە و ڕەنگ وە هەردوو ڕەگەزەکە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ئاوێتەی یەکتر دەبن و مانا دەبەخشن. فەیلەسوفی بواری جوانناسی (هربرت ريد) پێناسەی ڕەنگی کردووە و دەڵێت: ڕەنگ بریتیە لە بینراوی دەرەوەی هەموو شێوەیەک کە هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت وە هەر شێوەیەک بەبێ ڕەنگ ناتوانێت مانایەکی تەواو ببەخشێت و خۆی پێناسە بکات چونکە ڕەنگ هەڵگری چەندین ئاماژە و هێمایە وە سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، بەڵام لە واقیعدا بەشێوەیەکی هونەری بەکارهێنراوە و بۆتە چەمکێکی فیکری و فەلسەفی و ئیستاتیکی. (ريد، 1975)

ڕەنگ ڕەگەزێکی گرنگە بۆ دەرخستنی پەیوەندیەکانی ناوەوە و دەرەوەی شێوە جیاوازەکان، هەر ڕەنگەکانن دەتوانن بونیادی شێوەی دیکۆر و جل و بەرگ و سەرجەم کەرەستە بینراوەکان بەدەربخەن، لە نمایشی شانۆییدا لەمیانی ستایل و ڕەنگی جل و بەرگ دەتوانین پێناسەی ئەکتەر بکەین لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سروشتی و سایکۆلۆژی، هەروەها ڕەنگەکان لەنمایشی شانۆیی دا وەکو هێزێکی فیزیکی دەتوانن سەرنجی بینەر ڕابکێشن بۆ نمایشی شانۆیی و هەست و سۆزێکی هونەریان لا دروست بکات کە خوێندنەوە بۆ هێمای ڕەنگەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەن. هەندێک جار لەنمایشی شانۆیی دەرهێنەر تەنها ڕەنگی سپی بەکاردەهێنرێت کە هێمای ئاشتی و پاکی و بێگەردییە، بەڵام بەهۆی ئاراستەکردنی تیشکی روناکی رەنگە گەرم و ساردەکان و هێماکان گۆڕانکاریان بەسەردێت و مانای جیاوازتر دەبەخشن بە بینەر. (شعاوي، 2011)

هەستکردن بە مانا و جوانی رەنگەکان لەمیانی چاوەوە دەگوازرێتەوە بۆ بیر و ئەندێشەی مرۆڤ، هەستی بینین لە مرۆڤدا زۆر بەهێز و کاریگەرە لە توانایدا هەیە پەیوەندی لەنێوان سەرجەم ئەو کەرەستە و شێوە و تابلۆیانەدا دروست بکات کە ڕەنگەکانیان جیاوازە بەڵام یەکتر پێکدەهێنن هەروەکو کەرەستەکانی کارگەیەک یان ڕەگەزە بینراوەکانی سینۆگرافیای فەزای شانۆ کە یەک بیرۆکە کۆیان دەکاتەوە بەڵام بەچەند بەشی جیاواز دەبینرێن و ئاوێتەی یەکتر دەبن و بابەتێکی درامی پێکدەهێنن لە شێوە و ناوەڕۆکدا، هەر بۆیە سینۆگراف کاتێک نەخشە و دیزاینی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا دادەڕێژێت لەسەر بنەمایەکی فیکری و فەلسەفی و ئیستاتیکی خوێندنەوە بۆ دەقی درامی دەکات و بەشێوەیەکی پراکتیکی لە قاڵبێکی هونەری بەرجەستەی شێوەکان دەکات و چەندین ڕەنگ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی تەوازنی ڕەنگی دروست بکات لەنێوان ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری چونکە ڕەنگ سیفەتێکی فیزیکی کاریگەری هەیە وە هێمایەکی بەهێزە ڕاستەوخۆ کاریگەری دروست دەکات لەسەر هەست و سۆزی بینەر بۆیە پێویستە سینۆگراف و دەرهێنەر بەشێوەیەکی زانستی و هونەری دیراسەتی ڕەنگ بکەن چونکە لە نمایشی شانۆیی دا ڕەنگ ڕەگەزێکی گرنگە لە دەرخستنی پانتایی و جولە و بۆشایی و ریتم و کوتلە و قەبارە و هێڵ. (القاسمي، 2012)

ڕەنگەکان لە نمایشی شانۆییدا لەتوانایاندا هەیە هەستی بینەر بجوڵێنن، ئەم توانایەش پەیوەندی بە دواندنی زمانی ڕەنگەکانەوە هەیە چونکە زمانی ڕەنگ زمانێکی جیهانیە و هەموو بینەرێک دەتوانێت خوێندنەوەی بۆ بکات کە پەیوەستە بە میزاج و خەیاڵ و هەست و سۆز و ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکە کە پێوەرێکی ڕێژەیی و لە کەسێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە و پەیوەندی بە ئاستی تێڕوانین و بیرکردنەوە هەیە کاریگەری ڕەنگەکان لە نمایشی شانۆیی دا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ناوەستێت چونکە ڕەنگەکان بە چەندین ستایل دەردەکەون

بەشێوەی پەیژەیی یان هارمۆنی یان پەلکە زێڕینە یان تێکەڵکردنی ڕەنگەکان لەپێناو پێکهێنانی ڕەنگێکی تر، ئەمەش ئەوە دەســەلمێنێت کە یاریکردن بە ڕەنگەکان مانا و هێمای تر دروســت دەکەن کە دەکرێت لە تابلۆیەکی شێوەکاری یان لە ڕەگەزە بینراوەکانی سینۆگرافیای شانۆیی دا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و سوودی لێ وەربگیرێت کە لە دەرئەنجامدا دەبنە بەشێک لە گەیاندنی پەیامی نمایشە شانۆییەکە.

## 4-2 کاریگەری ڕووناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی:

لەگەڵ ئەوەی ڕووناکی و ڕەنگ دوو ڕەگەزی گرنگن لە نمایشی شانۆیی دا، بەڵام لە شانۆی نوێ دا کاریگەری زۆریان هەیە لەســەر جوانکردنی ڕەگەزەکانی تری تەکنیکی هونەری، بەتایبەتی لە پێکهێنانی وێنەی شــانۆیی چونکە وێنە بینراوەکانی فەزای نمایش لە کوتلەیەک یان چەندین کوتلە پێکهاتوون، هەموویان تەواوکەری یەکترن و بەشــدارن لە تەوازن و میزانســێن و جولەی ســەر تەختەی شــانۆ کە گوزارشــت لە شــێوە و ناوەڕۆک و بابەتە درامیەکان دەکەن. لەشــێوەدا ڕەنگەکان دەردەکەون و بونیادێکی بەهێز پێک دەهێنن، هەســتی بینینی ئیســتاتیکی توانای خوێندنەوەی هەموو ئەو شــێوە کوتلانەی هەیە کە وەکو ئامرازێک بۆ مەبەســت و خواســتی نمایش فەزای شــانۆ پڕدەکەنەوە و بەشــداری دەکەن لە بەڕێوەبردنی ریتمی دیمەنەکان و دیاریکردنی کات و شوێنی ڕووداوە درامیەکان. (قلعةجي، 2012)
ڕووناکی و ڕەنگ جگە لەوەی بەشــێکی گرنگ پێک دەهێنن لە ســینۆگرافیای نمایشــی شــانۆیی لەهەمان کاتدا هاوکارێکی گرنگن لە دەرخســتنی ڕەگەزەکانی تری ســینۆگرافیا وەکو ئەکتەر و دیکۆر و جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسسوار کە لە فەزای نمایشدا ئاماژەن بۆ چەندین دەلالەتی فیکری و هونەری.

## 5-2 کاریگەری ڕووناکی لەسەر ئەکتەر:

ئەکتەر لە نمایشی شانۆیی دا ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگە، هەموو ڕەگەزەکانی تری سینۆگرافیا ئامرازێکن بۆ ئەوەی ئەکتەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و پەیامی نووســەر و دەرهێنەر بگەیەنێت بە بینەر، ڕوناکی و ڕەنگ و سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری بەشداریەکی گرنگی ئەکتەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکەن لە دیاریکردنی کات و شوێنی ڕووداوەکان، وە خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی سایکۆلۆژی بۆ ئەکتەر، دەرخستنی باری سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەکتەر، هەمدیسان هاوکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی ئەکتەر بتوانێت بەتەواوی ڕوچێتە ناو دەورەکەی، هەروەها بەشدارن لە دیاریکردنی ریتمی دیمەنەکان و جولەی ئەکتەر چونکە ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ مامەلەیەکی هەستی و ویژدانی لەگەڵ سەرجەم رەگەزە بینراوەکانی سەر شانۆ دەکات، روناکی و رەنگ ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دەرخستنی جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسسواری ئەکتەر بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت بە بەردەوامی چاودێری بکات و لەگەڵ وێنە درامیەکاندا بژی و چێژی لێ وەربگرێت، ڕووناکی و ڕەنگ بەشداری کاریگەریان هەیە لە قووڵکردنەوەی ڕووداو و ململانێکان بە ئاراستەی لوتکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی نمایش و گەیاندنی فیکر و فەلسەفەی نمایشە شانۆییەکە. (رشید، 2013)

### 6-2 کاریگەری ڕوناکی و ڕەنگ لەسەر دیکۆر:

ڕوناکی ڕەنگاوڕەنگ کاریگەری گرنگیان هەیە لەسەر تەختەی شانۆ بەتایبەتی ئەو روناکیەی کە تیشک دەخاتە سەر پارچەکانی دیکۆر بەشێوەیەکی جوان دەیانخاتە بەرچاوی بینەر، وەک ئاشکرایە کوتلەکانی دیکۆری شانۆیی ڕەنگاوڕەنگن بۆیە پێویستە ئەو روناکیە ڕەنگاوڕەنگەی ئاراستەیان دەکرێت گونجاو بێت بەشێوەیەک کە ڕەنگی دیکۆرەکە نەشێوێنێ و هێما و ماناکان بە ئاراستەیەکی تر نەبات چونکە نەخشەکێشی دیکۆر لەکاتی دیزاینی دیکۆر ڕەنگەکانی بەشێوەیەک دابەشکردووە لە ڕەنگدانەوەی شێوە و ناوەڕۆکی بیرۆکە و بابەتە درامیەکەیە هەر بۆیە پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەنێوان نەخشەکێشی دیکۆر و ڕوناکی لە نمایشی شانۆیی دا لەسەر بنەمایەکی هونەری و زانستی کە هێماکانی وێنە بینراوەکان پارێزراو بێت و شێوە و ناوەڕۆک یەکتەر تەواو بکەن. (مليكة، بدون تأريخ)

بەهای فیکری و فەلسەفی و ئیستاتیکی دیکۆری شانۆیی بەشێکە لە بونیادی شێوە و خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی لە نمایشی شانۆیی دا، ئەو مادده خامانەی لە دیکۆری شانۆیی دا بەکاردەهێنرێت پێویستە گونجاو بن و وێنەکان بەجوانی بگەیەنن لەمیانی کوتلەکان و پارچەکان لە سەرئەنجام دیکۆری گشتی پێک دەهێنن تەنانەت سایک و پەردەکانی شانۆش

دەبنە بەشـــێک لە پێکهاتەی دیکۆر، هەندێکجار ڕەنگەکانی ڕووناکی گۆڕانکاری بەســـەر ڕەنگی ســـایک و پەردەکاندا دەهێنن، ئەگەر ســـایکەکە ڕەنگی ڕەش بوو، ڕووناکیەکی ڕەنگ ســـەوزی ئاراســـتەکرا ڕەنگەکە دەگۆڕدرێ بۆ ڕەنگی مۆر بەمەش ماناکەی دەگۆڕدرێ هەر بۆیە پێویســـتە هەردوو دیزاینەری ڕووناکی و دیکۆر بە لێزانینەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکان بکەن و مەبەســـتی دەرهێنەر بەجێ بگەیەنن و سەرجەم ئەو ڕەنگانەی بەکاری دەهێنن گونجاو بێت لەگەڵ کەش و هەوای نمایشە شانۆییەکە. (عبدالوهاب، 2008)

## 7-2 کاریگەری ڕووناکی و ڕەنگ لەسەر جل و بەرگ و ئێکسسوار:

جل و بەرگ ڕەگەزێکی گرنگە لە نمایشـــی شـــانۆیی دا، بەهۆی جل و بەرگەوە دەتوانین باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و ســـروشـــتی و ســـایکۆلۆژی ئەکتەر دەربخەین، جل و بەرگ هاوشـــێوەی دیکۆر ڕەنگی جۆراوجۆر لەخۆی دەگرێـت، هەر ڕەنگێـک بۆ مەبەســـت و دەلالەت و ڕەمزێـک بەکاردەهێنرێت، وە هەموو ڕەنگەکان بەهای فیکری و ئیســـتاتیکی تایبەتیان هەیە، بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕەنگ بۆ ســـەر جل و بەرگ زۆر هەســـتیارە و پێویســـتی بە مامەڵەیەکی زانســـتی و هونەری هەیە، ئەگەر تیشـــکی ڕوناکی ســـور ئاراســـتەی پارچەیەک جل و بەرگی شـــین بکەین دەبینین ڕەنگەکەی بەشـــێوەی ڕەش بەدەردەکەوێت و گۆڕانکاری بەســـەر ڕەنگە بنەڕەتیەکەدا دەهێنێت، بەهەمان شـــێوەش ڕەنگەکانی ئێکســـســـوار بەهۆی تیشـــکی ڕوناکی ڕەنگەکان گۆڕانکاریان بەسـەردادێت، کاتێک ڕەنگی ڕووناکی سـەروبنەوشـەیی بەکاردەهێنرێت سـەرجەم ڕەنگەکانی جل و بەرگ و ئێکسسوار گۆڕانکاریان بەسەردادێت. پەیوەندیە ڕەنگیەکان پێویستە لەســـەر بنەمای خواســـت و داواکاری بێت کە دەرهێنەر بەرپرســـیاری یەکەمە لێی، پێویســـتە ڕێکخســـتن هەبێت لەنێوان پارچەکانی جل و بەرگ و ئێکســـســـوار تاکو بەشـێوەیەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی دەرکەون و بەپێی خواستی کاراکتەرەکە ڕەنگەکان دابنرێن و هێمابەخش بن، پێویســـتە پەیوەندیەکی فیکری و هونەری هەبێت لەنێوان ڕەنگەکانی ڕوناکی و جل و بەرگ و دیکۆر و ئارایشـــت و تاکو بتوانن ئاوێتەی یەکتر ببن و لەهاوکێشـــەی نمایشـــدا یەکتری تەواو بکەن. (عبدالوهاب، 2008)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جل و بەرگ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دەســتنیشــانکردنی کات و شــوێن و خوڵقاندنی کەش و هەوای نمایش، بۆ هەر ڕەگەزێکی جل و بەرگ مـانـابەخشــێکی ســۆزداری هەیە کە پەیوەســتە بە بیرۆکەیەکی دیـاریکراوە، ڕەنگی ســپی هێمای ئـاشــتی و پـاک و بێگەردی و قوربانیدانە، ڕەنگی ڕەش هێمای ناخۆشــی و تاریکی و ترس و تاوان و شــەڕە، ڕەنگی ســوور هێمای کوشـتن و خوێن و ئاگر و کوشـتنە، بەهەمان شـێوە هەموو ڕەنگەکان هێمابەخشـن، هەر بۆیە ئەو ڕەنگانەی بۆ جل و بەرگی ئەکتەر بەکاردەهێنرێت دەبێت بەتەواوی بگونجێت لەگەڵ کەسایەتی ئەکتەرەکە، هەربۆیە بەپێی دیمەنەکان هەر گۆڕانکاریەک بەسەر کەسایەتی ئەکتەردا بێـت دەبێـت ڕەنگەکـانی جلوبەرگ و مۆدێلەکەی بگۆڕدرێـت کە ئەمەش ئەرکی دەرهێنەر و دیزاینەری جل و بەرگە لە نمایشی شانۆیی دا. (القاسمي، 2012)

### 8-2 کاریگەری روناکی و رەنگ لەسەر ئارایشت:

ئارایشت رەگەزێکی گرنگە لە نمایشی شانۆییدا، بەهۆی ئارایشتەوە دەتوانین شێوە و تەمەن و هەموو گۆڕانکاریەک لەسەر دەم و چاو و ڕووی ئەکتەردا بکەین، لەکاتی ئارایشتکردنی ئەکتەردا چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن بۆئەوەی ئەکتەرەکە بەجوانترین شـێوە دەربکەوێت، هەر دەورێکی ئەکتەر پێویسـتی بە ئارایشـتێکی تایبەت هەیە، پێویسـتە تەبایی و گونجاندن و ڕێکخسـتن هەبێت لەنێوان ڕەنگەکانی ئارایشـت و جل و بەرگ و ڕوناکی، لەشـانۆیی کۆمیدیادا ڕەنگەکانی ئارایشـــت بەشـــێوەیەکی تۆخ و بریقەدارن بەڵام لەشـــانۆیی تراژیدیا ڕەنگەکانی ئارایشت خامۆشن و بەشێوەیەک دەردەکەون لە سیمای خەمباری پێوە دیاربێت و ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی کارەکتەر بێت، پێویستە ئەو تیشکی ڕووناکیەی ئاراستەی دەم و چاو و سیمای ئەکتەرەکە دەکرێت کاریگەری نەرێنی نەبێت بەســەر ئەکتەرەکەوە، بەڵکو دەبێت دەم و چاوی ئەکتەرەکە زۆر بەجوانی دەربخات تاکو بینەران بتوانن سیمای کاراکتەرەکان بناسن و پێی ئاشنا بن، ئارایشـــت هۆکارێکی گرنگە کە هاوکاری ئەکتەر دەکات بۆچوونە ناو دەورەکەی جگە لەوەی ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری لە نمایشی شانۆیی دا. (القاسمي، 2012)

لە شانۆی نوێ دا زۆر گرنگی بە ئارایشت دەدرێت بۆ بەرجەستەکردن و دەستنیشانکردنی وێنەی کەسـایەتیەکان وە هەر گۆڕانکاریەک بەســەر کەسـایەتیەکەدا بێت بەهەمان شـێوە پێویسـتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕانکاری بەســـەر شـــێوازی ئارایشـــتەکە دابێت بەتایبەتی لە هەڵکشـــانی تەمەن و گۆڕانی فیسیۆلۆژی.

### 3. شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە:

#### ١-3 کۆمەڵگای توێژینەوە:

لەمیانی گەڕان و پشـکنین بەنێو نمایشـە شـانۆییەکانی هەرێمی کوردسـتان کە لەنێوان سـاڵانی (2018-2019) کە لە شـــارەکانی کوردســـتان نمایش کراون زیاتر لە (16) نمایش لەخۆدەگرێت. توێژەر بە مەبەستی شیکردنەوە (٣) نموونەی شانۆیی هەڵبژاردووە کە ڕۆڵی ڕەنگ بەشێوەیەکی کاریگەر تیشکی خراوەتەسەر.

#### 2-3 ئامرازی توێژینەوە:

بینینی نمایش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو هۆڵە شانۆییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان ، تیشک خستنە سەر شێواز و چۆنیەتی بەکارخستنی ڕەنگ و ڕووناکی لە نمایشی شانۆیی دا.

#### 3-3 میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

#### 4-3 نموونەی توێژینەوە:

توێژەر بۆ تیشک خستنە سەر (ڕەنگ) سێ نموونەی شانۆیی شی دەکاتەوە کە ئەم شانۆگەریانەی خوارەوەن:

**نموونەی یەکەم**
**شانۆی (تاریکتر لە شەوەزەنگ)**
**نووسینی: د. دلشاد مستەفا**
**سینۆگرافیا و دەرهێنانی: ئەرسەلان دەروێش**
**ڕۆژانی نمایش 2018/12/26 و ڕۆژانی دواتر**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لەسەر شانۆی هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ/هەولێر**

**بەرهەمی تیپی شانۆی سالار**

بیرۆکەی ئەم شـــانۆگەریە باس لە زەمەنی ڕابردوو و ئێســتا و داهاتوو دەکات لەســەر زمانی نەوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ کە هەریەکەیان داکۆکی لە ســەردەمەکەی خۆی دەکات، کارەکتەری (خانی لەپ زێڕین) شانازی بە ڕابردوو دەکات کە بە سەردەمێکی زێڕینی لە قەلەم دەدات بەڵام کارەکتەری کوڕ باس لە زەمەنی ئێســتا دەکات لە زەمەنی عەولەمەیە بەڵام کارەکتەری کچە نیگارکێش هەوڵ دەدات لە ڕێگەی تابلۆکانی هەردوو ســەردەمەکە ئاوێتەی یەکتر بکات خانی لەپ زێڕین لەو نمایشــەدا دەگەڕێتەوە بۆ ژیان بۆ ئەوەی شــوێنی خۆی لەناو ئەو تابلۆیەدا بکاتەوە کە مەینەتیەکانی کورد بەرجەسـتە دەکات وە دووپاتی دەکاتەوە کە مێژوو خیانەتی لە کورد کردووە هەر بۆیە کارەسـاتەکان تەواو نابن. دەرهێنەر لە نەخشـەسـازی سـینۆگرافیادا لە باگراوندی شـانۆ تابلۆیەکی گەورە پیشـانی بینەر دەدات کە کارەکتەرەکانی ناو تابلۆکە ئەکتەرن بەســەر و ســیما و جل و بەرگی جۆراوجۆر کە بە چەندین شـێوەی جۆراوجۆر دەردەکەون لە بەشــی پێشــەوەی ڕاســتی شــانۆ کارەکتەری خانی لەپ زێڕین بە جل و بەرگی کەلتوری نەتەوایەتی ڕەنگی قاوەیی و دەستی ڕاستی بە زێڕ داپۆشراوە، لە بەشی پێشەوەی چەپی شانۆ کارەکتەری کچە وێنەکێش هەیە کە خەریکی وێنەکێشــانە و خۆی ئامادە دەکات بۆ کردنەوەی پێشــانگایەکی شــێوەکاری لە (پاریس) کە جل و بەرگی ڕۆبی وێنەکێشــانی لەبەرە، هەرچی کارەکتەری کوڕەکەیە لەناو تابلۆی باگراوندی دواوە دێتە دەرەوە و دەکەوێتە گفتوگۆ و ململانێ لەگەڵ کەسـایەتی (خانی لەپ زێڕین) کە پانتۆڵێکی زەرد و کراسـێکی نیوقۆڵی قاوەیی لەبەرە. فەزای شـانۆ پانتاییەکە لە ڕەنگ، دەرهێنەر هەوڵی داوە هەموو ڕەنگەکان بەکاربهێنێ بۆ دیمەنە شــانۆییەکان لەپێناو خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی و ســایکۆلۆژی و ئیسـتاتیکی وەکو ڕەنگی (سـور، شـین، زەرد، سـەوز، مۆر، پرتەقالی، سـپی، ڕەساسـی) وە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ڕەنگەکـان کـارەکتەرەکـان و تـابلۆ گەورەکەی دواوە درەوشــاوە و پڕ دەلالەت و مـانـا ئـامێز دەردەکەون. دەرهێنەر هەوڵی داوە یـاری بە ڕەنگەکـان بکـات لەنـاو ململانێی درامی دا لەم نمایشــەدا ڕەنگی ســوور هێمای ســەردەمی ڕابردووی خوێناویە، بەڵام ڕەنگی ســەوز هێمای

ژیانێکی نوێیە و ڕەنگی زەرد مانای هەڵهاتنی خۆرە لە بەرە بەیانێکی نوێتردا وە ڕەنگی شـــین وەکو دەلالەتی بەردەوامی ژیـانە بە تراژیـدیا و کۆمیـدیـاوە، هەروەها بەهۆی بەکـارخســـتنی ڕەنگەکان پانتایی فەزای نمایشـــی فراوان کرد و ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەڕان بەدوای نهێنیەکانی ژیان. بەکارخســـتنی ڕەنگەکان لەم نمایشـــەدا جگە لە دەلالەتی فیکری و فەلســـەفی هێمائامێز جوانیەکی بێ هاوتای بەخشـــیبوو بە نمایش هەر لە ســـەرەتا تا کۆتایی ســـەرنجی بینەرانی ڕاکێشابوو بۆ ناو دیمەنەکان و تابلۆ درامیەکان بەشێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی.

**نموونەی دووەم:**

**شانۆی (ئافرەت لە دۆزەخدا)**

**نووسین و دەرهێنانی: هیوا سعاد**

**ڕۆژی نمایش: 2019/1/22 و ڕۆژانی دواتر**

**لەسەر شانۆی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ/هەولێر**

**بەرهەمی: بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ/هەولێر**

شانۆی (ئافرەت لە دۆزەخدا) شانۆییەکی هێما ئامێزە باس لە ژیانی کۆمەڵێک ئافرەت دەکات لە نەتەوە و ئاینی جۆراوجۆر کە بوونەتە قوربانی زوڵم و ســـتەمی دیاردە کۆنە پەرســـتەکانی ناو کۆمەڵگە، هەریەک لەو ئـافرەتـانە چیرۆکێکی تراژیـدی تـایبەتیـان هەیە و بەهۆیەوە گیـانیـان لەدەســـت دەدەن لەڕێگەی کوشـــتن و خنکاندن و ســـوتاندن و ئازار و ئەشـــکەنجەدان. ئەو کارەکتەرانە لە دۆزەخدا یەک دەگرنەوە و ژیانی خۆیان بۆ مێژوو دووبارە دەکەنەوە.

دیکۆری شانۆگەریەکە پێکهاتبوو لە چوار تابووتی سپی بەشێوەی هێما ئامێز کە دیمەن لەدوای دیمەن بە چەندین شـێوەی وەکو هێما بەکاردەهێنرا، دەرهێنەر وێنەیەکی میتافیزیقی دۆزەخی لە فەزای شـانۆدا بەرجەسـتە کردبوو کە باگراوندی هەرسێ لای شـانۆ بە قوماشـی ڕەنگی ڕەش داپۆشـــرابوو، ئەکتەرەکان جل و بەرگی ســـپیان لەبەربوو لەشـــێوەی جل و بەرگی فریشـــتە. لە بەشـــی دوای شـــانۆ چەند تروســـکاییەک لەشـــێوەی ئەســـتێرە دەبینرا کە بەهۆیەوە کەش و هەوایەکی سیحری دراماتیکی بەخشـیبووە فەزای شـانۆ. سـەرجەم دیمەنە شـانۆییەکان بەهۆی موزیکێکی حەزین بەڕێوەدەچوو. دەرهێنەر بۆ خوڵقـاندنی کەش و هەوایەکی ئیســـتـاتیکی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ســایکۆلۆژی چەندین ڕەنگی بەشــێوەی چڕ بۆ تابلۆی ناو دیمەنەکان بەکارهێنابوو وەکو ڕەنگی شین و سوور و زەرد و سەوز و پرتەقاڵی و مۆر کە گوزارشتیان لەو ژیانە تراژیدیە تاڵە دەکرد کە کارەکتەرەکان تیایدا دەژیان، کاریگەریان لەسەر هەست و نەستی بینەر دروست کردبوو. ڕەنگی شین وەکو هێمای خەون و خەیاڵ و ڕەنگی سوور وەکو کوشتن و ڕەنگی زەرد وەکو لاوازی کارەکتەرەکان و ڕەنگی سەوز وەکو زیندووبوونەوە لە دۆزەخ و ڕەنگی پرتەقالی وەکو بێ ئومێدی و ڕەنگی مۆر وەکو بێ دەسەڵاتی بەکارهێنرابوو کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی ڕەنگەکان فەزایەکی ڕەشبین دەبینرا لە شێوەی هەڵسانەوەی مردوو لەناو گۆڕەکان هەر بۆیە ئەم کەش و هەوا خەماویە دڵەڕاوکێی لەسەر دڵ و دەروونی بینەر دروست کردبوو بۆ ئەوەی بەتەواوی تێکەڵی ئەم دۆزەخە بن کە نە سەرەتا و نە کۆتایی هەیە. ڕەنگەکانی ڕوناکی و جل و بەرگ و دیکۆر و ئێکسسوار لەم نمایشە شانۆییەدا ڕۆڵی گرنگیان دەبینی لە هاوکێشەی پێکهاتەی فەزای نمایش.

**نموونەی سێیەم:**

**شانۆی (باوک)**

**نووسینی: ئۆگست سترێندبێرگ**

**وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی**

**دەرهێنەر: سدیق عەزیز**

**بەرهەمی: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان/یۆتۆبۆری**

**ڕۆژانی نمایش: 2019/4/10 و ڕۆژانی دواتر**

**لەسەر شانۆی هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد/مەڵبەندی گشتی سلێمانی**

چەمکی سەرەکی نمایشی شانۆی (باوک)ی نووسەری بەناوبانگی سویدی سترێندبێرگ سەربوردەی (ئەدۆلف)ی کابتنە، کەسێکی بە مەعریفە و زانست و پەروەردە، کە هەموو ژیانی بۆ توێژینەوە زانستیەکان تەرخانکردووە، ماڵەکەی پڕکردووە لە کتێبی فەلسەفە و زانست، هاوسەرگیری لەگەڵ (لۆرا)ی خوشکی قەشە کردووە بیست ساڵی تەمەنیان بەیەکەوە بەسەربردووە کچێکیان هەیە بەناوی (بیرتا) کە سەرچاوەی ململانێی نێوانیانە، کارەکتەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەشـــە و پزیشـــک ڕۆڵی ئەرێنی دەبینن بۆ چارەســـەرکردنی ململانێی نێوانیـان، لەنـاو ئەم ململانێیەدا کـارەکتەری (مـارگرێـت)ی دایەن هەیە کە بەردەوام یـادگـاریە بەچێژەکـانیـان دەگێڕێتەوە بۆ ئارام کردنەوەی باری دەروونی (ئەدۆلف)ی کابتن کە لە کۆتایی نمایشـــەکەدا تووشـی نەخۆشـی دەروونی دەبێت و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات تا ئەو ڕاددەی بەتەواوی شـێت دەبێت. دیکۆر و کەرەسـتەکانی سـەر تەختەی شـانۆ پێکهاتبوو لە سـاڵۆنی ماڵێک لەلای چەپی شانۆ لەسەر مەنەسەیەکی ڕەش دوو کورسـی حەسیر و لەناوەڕاست تەپلەکێکی سپی دانرابو لەلای چەپی شـانۆ کورسـی و مێزێک دانرابوو، بەڵام لە بەشـی پێشـەوەی ناوەڕاسـتی تەختەی شـانۆ کورسـیەکی لاکێشـەی ڕەش دانرابوو هەندێ جار دەبووە تەختەی نووسـتن، لە باگراوندی شـــانۆدا پێنج کەوالیســـی گوش کە بۆشـــایی لەنێوانیاندا هەبوو بەتەواوی پانتایی دواوەی داپۆشیبوو. کابتن قاتێکی ڕەش و شەبقەیەکی لەسەربوو، (لۆرا)ی خێزانی مەکسیەکی ڕەش و چەفیەیەکی ســووری بەملدا هاتبووە خوارێ، قەشــە جل و بەرگێکی قەشــە لە ڕەنگی نیلی لەبەربوو، پزیشــکەکەش چاکەت و پـانتۆڵێکی قـاوەیی لەبەربوو، مـارگرێتی دایەنیش کراسێکی پەمەیی و چاویلکەیەکی لەچاوبوو، (بیرتا)ی کچیشیان بلوزێکی سپی و تەنوورەیەکی سپی ئاسمانی لەبەربوو. بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگی جل و بەرگی کەسایەتیەکان گوزارشتیان لە باری سروشتی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ئەکتەرەکان دەکرد. لە دیمەنی یەکەم دەرهێنەر تەنها ڕوناکی زەردی گشـتی بەکارهێنابوو بۆ ڕۆشـن کردنی فەزای شـانۆ و خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی بەڵام لە دیمەنەکانی تر ریتم خێرادەبوو بەئاراســتەی لوتکە، لە فەزای شـــانۆدا ڕەنگی شـین و سـوور و سـەوز دەبینرا وەکو ئاماژەیەک بۆ بەردەوامی ژیان لەناو تراژیدیایەکی رەشـــدا، هەموو کارەکتەرەکان لە دەوری کابتن کۆببوونەوە بۆ ئەوەی ئارامی بکەنەوە لەناو بوقعەی رونـاکی شـــین و ســـەوز وەکو هێمـایەک بۆ ئـارام کردنەوەی دەروون، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن کابتن هەڵچوونی زیاتر دەبوو لەناو ڕووناکیەکی ســوردا کە گوزارشــت لە ترس و دڵەڕاوکێ و ڕوودانی کارەســات دەکات، ســەرئەنجام لە دیمەنی کۆتایی دا کابتن کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا و بەتەواوی شێت بوو هەر بۆیە هەوڵیان دا جلەکانی لەبەر دابکەنن و جل و بەرگی سپی شێتخانەی لەبەر بکەم کە قۆڵەکانی زۆر درێژبوون تاکو بتوانن بە قۆڵەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیبەستنەوە و لە جوڵەی بخەن، ئەم ڕووداوەش لەناو ڕووناکیەکی سووردا بەرجەستەکرا کە هێمایە بۆ لەدەستدانی عەقڵ و هۆشی کابتن، بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگەکانی فەزای نمایش لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی بونیادنرابوو، بەتەواوی هەست و سۆزی بینەری بۆ ناو دیمەن و ڕووداو و کردارە درامیەکان ڕاکێشابوو، هەر بۆیە وێنەکان لە فەزای شانۆدا لەشێوەی تابلۆی جولاوی ڕەنگاوڕەنگ دەبینران کە پڕبوون لە هێما و دەلالەتی مەعریفی لە چوارچێوەی شانۆیەکی ڕەمزی.

## 4. ئەنجام و پێشنیازەکان:

### ١-4 ئەنجامەکان:

دوای ئەم توێژینەوە شیکاریە دەربارەی جوانیەکانی ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا وەکو ئەنجامی لێکۆڵینەوە توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

١)ڕەنگی جل و بەرگی باری کۆمەڵایەتی و سروشتی سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی ئەکتەر دەردەخات.

٢)ڕەنگەکانی دیکۆر گوزارشت لە کات و شوێن و سەردەم و ڕووداوە درامیەکان دەردەخات.

٣)ڕەنگەکانی ڕوناکی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە دەرخستنی سیما و جەستەی ئەکتەر و بینراوەکانی فەزای شانۆ.

4)ڕەنگەکانی پێکهاتەکانی فەزای شانۆ بەشداریەکی کاریگەر دەکەن لە دەستنیشانکردنی ریتم و جولەی درامی لە نمایشی شانۆیی دا.

5)ڕوناکی و ڕەنگ ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە پڕکردنەوەی فەزای نمایش لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی.

6)ڕەنگی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا بەشداریەکی کاریگەر دەکەن لە دروستکردنی تەکوین و تەوازن لە نمایشی شانۆیی دا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-4 پێشنیازەکان:

توێژەر لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پێشـنیاز دەکات بابەتی (جوانیەکانی ڕەنگ) لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندنی بەشی شانۆ لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بخوێندرێت لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و زانستی و ئیستاتیکی، چونکە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە میانی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیادا مامەڵە لەگەڵ ڕەنگ دا دەکرێت لەنمایشی شانۆیی دا.

## سەرچاوەکان

أبو صالح الألفي. (1973). *الموجز في تأريخ الفن العام*. القاهرة: الهيئة المصرية للكتاب.

أحمد سلمان عطية. (2012). *الإتجاهات الإخراجية الحديثة*. عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.

أرنست فيشر. (1973). *الفن والإشتراكية*. (أسعد حليم، المترجمون) بيروت: دار القلم.

جوليان هاملتون. (بدون تأريخ). *نظية العرض المسرحي*. الشارقة: مركز الشارقة للإبداع الفكري.

د. ماهر راضي. (2005). *فن الضوء*. دمشق: المؤسسة العامة للسينماء.

روعة بهنام شـــعاوي. (2011). *التغريب في تصـــاميم أزياء العروض المســـرحية المعاصـــرة*. بغداد: دار الفراهيدي للنشر والتوزيع.

ســمير عبدالمنعم القاســمي. (2012). *جماليات الســينوغرافيا في العرض المســرحي الإيمائي*. عمان: دار الرضوان للنشر والتوزيع.

شكري عبدالوهاب. (2008). *الإضاءة المسرحية*. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

عبدالفتاح قلعةجي. (2012). *المصرح الحديث*. دمشق: منشورات إتحاد الكتاب العرب.

عثمان عبدالمعطي. (2016). *تصميم المسارح عبر العصور*. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

علاء الدين الإمام. (2014). *بنية الشـــكل الجمالي في التصـــميم الداخلي*. عمان: دار مجدلاوي للنشـــر والتوزيع.

قاسم حسين صالح. (1982). *سايكولوجية أدراك اللون والشكل*. بغداد: دار الرشيد للنشر.

كاظم حيدر. (1984). *التخطيط والألوان*. بغداد: وزارة التعليم العالي والبحوث العلمي.

كريم رشيد. (2013). *جماليات المكان في العرض المسرحي المعاصر*. بغداد: دار و مكتبة عدنان.

لويس مليكة. (بدون تأريخ). *الديكور المسرحي*. القاهرة: الدار المصرية للتأليف والترجمة.

هربرت ريد. (1975). *تربية الذوق الفني*. (ميخائيل أسعد، المترجمون) بدون مطبعة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص**

يتناول البحث الموسوم (جمالية اللون في العرض المسرحي) دراسة تحليلية، تكشف علاقة الضوء باللون من الناحية الفكرية الرمزية والدلالية في العرض المسرحي، فالضوء واللون عناصر أساسية و فعالة في الحياة والفنون البصرية كالمسرح، وهي في بنية الفن تؤدي مهام جمالية و علامية ضمن سينوغرافيا العرض المسرحي، على أسس علمية وفنية لها معطيات سايكولوجية و جمالية.

ويقع البحث في ثلاثة فصول، تناول الفصل الأول (الإطار المنهجي) عدة نقاط مثل: مشكلة البحث، أهمية البحث، هدف البحث و حدوده. أما الفصل الثاني (الإطار النظري) فقد تناول الموضوع من محاور مثل: الضوء واللون في حياة المجتمع، التأثير الدرامي في الضوء واللون، الشكل واللون، تأثير الضوء واللون في العرض المسرحي، تأثير الإضاءة واللون على جسد الممثل، تأثير الإضاءة واللون على الديكور، تأثير الإضاءة واللون على الأزياء والأكسسوارات، تأثير الضوء واللون على الماكياج. أما الفصل الثالث فتناول تحليل ثلاثة نماذج مسرحية. وتوصل البحث في الفصل الرابع جملة نتائج من أهمها:

1- الوان الديكور تعطي دلالة الحدث والمكان والزمان.
2- الضوء واللون تبرز جسم الممثل والدلالات البصرية في مشاهد العرض المسرحي.
**الكلمات الدالة:** الجمالية، اللون، الإضاءة، سينوغرافيا، التأثير، العرض المسرحي.

## Color Aesthetic in the theatre show

**Dr. Zhilwan Taher Bapir**
Department of Theatre and Cinema, College of Fine Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Zhilwan.tahir.66@gmail.com

## Abstract

The research deals with the tagged (aesthetic color in theatrical presentation) analytical study, revealing the relationship of light color in terms of intellectual symbolic and semantic in the theatrical presentation, light and color are essential and effective elements in life and visual arts such as theater, which is in the structure of art performs aesthetic and scientific tasks within the theatrical presentation, scientific and artistic bases have psychological and aesthetic data.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The research is divided into three chapters. The first chapter (methodological framework) deals with several points such as: problem of the study, importance of the study, objectives of the study and limits of study. The second chapter (theoretical framework) deals with the themes of light and color in the life of society, the dramatic effect of light and color, form and color, the effect of light and color in the stage show, the effect of lighting and color on the body of the actor, the effect of lighting and color on decoration, the effect lighting and color on fashion accessories, the effect of light and color on makeup. The third chapter deals with the analysis of three theatrical models. In the fourth chapter the study gained a number of results, the most important are the following:

1- The colors of the decoration give an indication of the event, place and time.

2- Light and color highlight the actor's body and visual connotations in the scenes of the stage show.